هەرکەسێک بەیعەت بە پێشەوایەک بدات؛ ودەستی بگرێت ودڵسۆزی خۆی بۆ دەربڕێت، با بە گوێرەی توانا گوێڕایەڵی بکات، ئەگەر کەسێکی تر هات بۆ ئەوەی لەسەر دەسەڵات لای بەرێت؛ ئەوا لە گەردنی ئەو کەسەی تر بدەن

لە عبداللەی کوڕی عەمرو -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: لەگەڵ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بووین لە سەفەرێکدا، لە شوێنێک وەستاین، هەندێکمان خێمەکەی چاکدەکرد، وهەندێکمان پێشپرکێی نیشان شکێنیان دەکرد، وهەندێکی ترمان خەریکی ئاژەڵەکانی بوو، هەواڵدەری پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بانگی کرد: بۆ نوێژ کردن کۆببنەوە، ئێمەش کۆ بووینەوە لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، وفەرمووی: «هەر پێغەمبەرێک لە پێش من هاتبێت ماف بووە لەسەری کە ڕێنیشاندەری ئومەتەکەی بێت بۆ ئەو شتانەی کە دەزانێت خێرە بۆیان، وئاگاداریان بکاتەوە لەو شتانەی کە دەزانێت شەڕە بۆیان، ئەم ئومەتەی ئێوە سەلامەت بوونی لە سەردەمەکانی سەرەتایدایە، وسەردەمەکانی کۆتایی ئەم ئومەتە تووشی بەڵا وتاقیکردنەوە دەبێت وتووشی شتانێک دەبن کە ئێوە ئینکاریان لێدەکەن لەسەر ئەو کردەوانەیان، وفیتنەی وتاقیکردنەوەکان هەتا دێت گەورەتر دەبن وئەوانەی پێشووتر بچووکتر دەبنەوە، فیتنە وبەڵای ئەوتۆ تووشی ئیماندار دەبێت کە دەڵێت: لەم فیتنەیەدا تیا دەچم، پاشان فیتنەکە نامێنێت، ودانەیەکی تر دێت، ئیماندار دەڵێت: ئەمەتا ئەمەتا (تیا چوونم). بۆیە ئەوەی حەز دەکات ڕزگاری بێت لە دۆزەخ، وبچێتە بەهەشتەوە، ئەوا با بمرێت لەسەر باوەڕهێنان بە (الله) وڕۆژی دوایی، وبا بەو شێوەیە مامەڵە لەگەڵ خەڵکی بکات کە ئەو حەز دەکات بەو شێوەیە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، وهەرکەسێک بەیعەت بە پێشەوایەک بدات؛ ودەستی بگرێت ودڵسۆزی خۆی بۆ دەربڕێت، با بە گوێرەی توانا گوێڕایەڵی بکات، ئەگەر کەسێکی تر هات بۆ ئەوەی لەسەر دەسەڵات لای بەرێت؛ ئەوا لە گەردنی ئەو کەسەی تر بدەن».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

شیکردنەوەی فەرموودەکە: ئەوەی لەسەر پێغەمبەران واجبە لە ڕوونکردەوە وئامۆژگاری وڕێنیشاندان بۆ ئەنجامدانی خێر وچاکە وئاگاداری کردنەوە وڕوونکردنەوەی شەڕ وخراپە؛ ئەوا لەسەر بانگخوازانیش واجبە کە هەمان کردەوە بکەن، وسەرەتای ئەم ئومەتە لەسەر خێر بوون وسەلامەت بوون لە فیتنە وتاقیکردنەوەکان، لە کۆتایی ئەم ئومەتەدا تووشی ئەوەندە شەڕ وخراپە وتاقیکردنەوە دەبێت وایان لێدەکات کە فیتنە وتاقیکردنەوەکانی پێشووتر بە کەم وبچووک بزانن، وڕزگاربوون لەم تاقیکردەوانە بە دەستگرتنە بە قورئان وسونەت، وجوان مامەڵە کردن لەگەڵ خەڵکی، وپابەندبوون بە بەیعەتی فەرمانڕەواکان، ودەرنەچوون دژیان، وکوشتار کردن دژی ئەوانەی کە دەیانەوێت ڕیزی مسوڵمانان تێکبدەن.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/5345